کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-7-2007 14:09 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ڕوونکردنەوەیەک لە ئەحمەد کۆییەوە :**

من سەرەتا دەمەوێت بە خوێنەرانی کوردستان ئازیز ڕابگەیەنم کە ماوەیەک بەر لە ئێستا کەسانێکی ناحەز بابەتێێکیان لە دژی من و دکتۆر نوری بڵاوکرایەوە من لێرەدا ڕاستی بۆ خوێنەرانی کوردستان پۆست ڕابگەیەنم بەم شێوەیەی خوارەوە:

من ناوم احمد عبدالکریم عبدالرحمن ئێمە لە ئەسڵدا لە بنەماڵەی بابانین نزیکەی 120 ساڵ دەبێت لە شاری کۆیە دەژین وە خەڵکی کۆیەش دەزانن ئێمە کێن وە بە بەردەوام خاوەنی دیوەخان و دەسەڵات بووینە تا لە توانامان دا هەبووە یارمەتی خەڵکیمان داوە. وە سەبارەت بە باوکم دیارە هەر لە ساڵانی چلەکانەوە بەڕێوەبەری شارەوانی کۆیە نەک کەناس هەموو خەڵکی کۆیە دەزانن باوکم بۆ ماوەی سی ساڵ بەرێوەبەری شارەوانی بووە وە دەیان جار خۆی سەرپەرشتی هەڵمەتی پاک کردنەوەی لە شاری کۆیە کردووە شان بە شانی کەناسەکانی تر کاری پاک کردنەوەی ئەنجام داوە دیارە خزمەت کردنی ووڵات جێگای ڕێزو سووپاسە نەک تەشهیرکردن و لەکەدارکردنی کەسایەتی بنەماڵەکەمان.

سەبارەت بە خۆم بەڵێ من پێشمەرگەی پارتی بوومە لە ساڵی 1994 تا ئێستا بەڵام وەک ئەوەی دەیڵێن نە جەمال مورتکە و نە هیچ کەسێکی تر نەیتوانیووە بەرامبەر من هەڵەیەک بکات وە ئەمەی ئەم ناحەزە باسی دەکات زۆر دوورە لە ڕاستی وە پیاو عەیبە باسی ئازایەتی خۆی بکات ئەگەر دەتانەوێ بزانن بڕۆن پرسیار لە سووپای دوو و خەڵکی کۆیە بکەن. بەڵام سەبارەت بە سەلامی کەریم خان من نە ناسیومە نەدەیناسم وە ئەمەی ئەم شتە باس دەکات دوورە لە ڕاستی وە دکتۆر نوریش شاهیدە کە شتی لە جۆرە ڕووی نەداوە. وە سەبارەت بە تەقینەوەی مەخمور کەم تەرخەمی فەوجەکە و منی تیانەبووە بەڵکو هەموو خەڵکی ناوچەکە ئەم ڕاستیە باش دەزانن. وە من نامەوێ باسی خۆم بکەم لەو ڕۆژەوەی دەست بەکاربوویمە تاوەکو ئێستاکە زیاتر لە 200 تیرۆریستمان دەستگیر کردووە وە هەروەها ئەم باندەشم دەست گیر کرد کە دەستیان لەم تەقینەوەی ئەم دواییەدا هەبوو. وە سەبارەت بە پەیوەندی من و دکتۆر نووری من کاک نووری لە دوورەوە دەناسم تا ئێستا دوو جار بە دیداری گەیشتووم وە لە کۆتاییدا هیوادارم کوردستان پۆستی ئازیز ئە حەقیقەتە بە جەماوەری خەڵکی کوردستان ئە حەقیقەتانە بزانن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.